# راپەڕینی نان لە سلێمانی

گۆران محەمەد

چوارشــەممەی رابــردوو پــتر لــە 250 نانــەوا بــۆ نــاڕەزایی دەربــڕین لــە بەرامبــەر بڕیارەکانی کۆمپانیای ئارد, مانیان گرت و ئەو رۆژە نانی گەرم لە سـلێمانی نـەبوو, نانـەواکان دەڵـێن بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای نـاوبراو (سـەهمی) لـە کۆمپانیـای نـانی لوبنانیدا هەیە بۆیە (تیر)هاوێشتن لە نانەوخانـەکانی ئـەوان بـازاڕی نـانی لوبنـانی و گیرفانی نـاوبراو گـەرمتر دەکـات!! هـەر یـەك لـە شـارەوانی و پارێزگـەی سـلێمانی کەوتوونەتە ململانێی کۆنترۆڵکردنی زۆرترین دەسـەڵاتەکان و تـا ئێـستا هـاوڵاتی لـە ئەنجامی ئـەو ململانێیـەدا زەرەرمەنـدە, ئـەو کێماسـییانەی لـە ئـەنجامی ململانێـی شارەوانی و پارێزگەدا سەریان هەڵداوە هەر لە ناندا بەدیار نەکـەوتووە, ئـەوە نییـە خەڵکی شار لە بەر زۆریی چاڵ و چۆڵ ناوی (شارەوانی سلێمانی)یان بـۆ (چـاڵەوانی سلێمانی) گۆڕیوە.

بۆ نانەوایانی مانگرتووش ئەمانە دەگێڕمەوە:

+ رۆژێك دوای ئێوە, نانەواکانی جەزایر لـە ئـەنجامی گرانیـی نرخـی نـەوت, مانیـان گرت و نرخی یەك نان لە 8 دینـارەوە بـووە 30 دینـار و حکوومـەت ناچـار بـوو بـە بڕیاری گرانکردنی نرخی نەوتدا بچێتەوە.

+ ساڵانی 1983-1984 لە تونس و لە ئەنجامی حوکمی تاکڕەویی بورقیبە و ئەو دۆخە سەختەی هاوڵاتیانی تونس هەیانبوو, تونسییان شۆڕشی نانیان بـەرپا کـرد و رێگەی ریفۆرمی سیاسی و ئابووریان لەو وڵاتـەدا تـەخت کرد.

+ ساڵی 1977 لە سەرجەم پارێزگەکانی میسردا شۆڕشێك بـە نـاوی شۆڕشـی نـان بەرپابوو, ئەو شۆڕشە یەکەمین کاردانەوەی جەماوەر بوو دوای شکستی عـەرەب لـە ساڵی 1976دا و جەمال عەبدولناسری ناچاری بیرکردنەوەی جیدیی لـە چاکسازیی کرد.

+ ساڵی 1996 ئوردن لە ئەنجامی ملشۆڕکردن بۆ سیاسەتە ئابوورییەکانی سندووقی جیهانیی دراو, ناچار بوو نرخی شتومەکی سەرەکی و نان بەرزبکاتەوە, لە ئەنجامدا شارەکانی خوارووی ئوردن راپەڕینێکیان بەرپاکرد کە بە راپەڕینی نان ناسرا و حکوومەتی ئوردنیان ناچار کرد گوێچکەکانی بۆ قووڕەی سکی برسی خەڵك رادێریێ نەك سندووقی جیهانیی دراو.

ئەگەر کۆمپانیای ئاردی سلێمانی مەبەستیەتی نان بۆ کۆمپانیای نانی لوبنانی و بێکاری بۆ نانەواکان دابین بکات, ئەوە هەقی خۆیەتی دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی نانەواکان و رێگە لە گەمەکردن و خۆدەوڵەمەندکردنی بەرپرسان لە سەر سکی خەڵك بگرین.